دریژەی بەیاننامەی سیانزەهەمین سڵیادی دامەزراندن

هاوبەشی چین و تویژە جیاجیاکاندا، واتە ئازادی و دیموکراسی و مافی ڕەوای هەر تاك و چین و تویژێك و گەلێك نایەتەوە.

وەك چۆن وتوومانە گەنج و شۆڕش، گەنج و گۆڕانکاری ، گەنج و داخوازی نوێ و جیاواز ، هەر هەموویان لە یەك هەڵپێکاون و سەدەی بیست و یەکەم سەدەی گەنج و گەنج بوونەوەیە و گەنج ڕێبەرایەتی و پێشەنگایەتی دەکات و هەر واشبوو کە شۆڕشە کان و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەش بە ناوی گەنجانەوە تۆمار کرا و بوو بە میژوو. هەمووی ئەمانە وەك ئایدیا و وەك پرۆژە ، ئایدیا و پرۆژەمان بووە و هەتا دووایی بڕوامان پێیەتی و هەر وەك چۆن ڕێکخراوەکەمان ، ڕێکخراوێکی گەنجە و سەردەمیانەیە و لەسەر بنەما و ئایدیاکانی نوێ و تایبەتمەندییە نوێکانی ئەم سەردەمە نوێیە دامەزراوە ، بە هەمان شێوە و لە سەر هەمان بڕواش هەنگاو دەنێت و گەنجگرایی و نوێ ئەندێشی و خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژی وەك پرەنسیب و هەنگاونان بەرەو خەباتی ئێستا و پێشەڕۆژمان هەڵبژاردووە.

دڕووست لە ڕاستای ئەم بیرۆکەیەدا و بە دەرك کردنی باردۆخەکە و بە هەست بە بەرپرسیارێتی کردن بەرانبەر بە داخوازییە نوێکانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە بنەما گرتنی خەباتێکی هاوچەرخ و گونجاوی سەردەمیانە و لە سەر دەستی گەنجان لە 20ی مەی 2005ی زایینی پاش هەوڵێکی بێوچان و ماندوو بوونێکی لە ڕادەبەدەر بە ناوی " یەکێتیی دیموکراتی کوردستان" چاومان هەڵێنا و پێمان نایە ناو گۆڕەپانی خەباتی سیاسی و دیموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاوات و ئامانجمان بە نیسبەت ڕێکخراوەکانی تردەی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، یەکێتیی و پێکەوە بوون و بەرز کردنەوە ئاستی وشیاری نەتەوەیی و خەباتی هاوبەش بە ڕەچاو کردنی کەم و کوڕییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی لە لایەن ئەوانی تردە و ڕاگەیاندنی بوونی مەترسی بۆ بە لاڕێدا بردنی خەباتی ڕەوای نەتەوە چەوساوەکەمان بووە و هەر بۆیەش بە هەمان ئازایەتی و پێکهاتەی گەنجانەمانەوە و بە ئیرادەی ئازاد و دیموکراتیکی خۆمان لەم ڕێگەیەمان بەردەوام دەبین.

وەك چۆن هەمیشە قورسایی قسەکانمان لە سەر ئەو خاڵانە داناوە کە بیرۆکەی دۆگم و قەتیسماو لە نێو ئایدۆلۆژیایەك و خۆ بە زل زانین لە کوردستان دا، بە تایبەتی ڕەتکردنەوە و بە هەڵە زانینی هەمووان و بە ڕاست و دڕووست زانینی خۆ و ڕەوادان بە خۆ و ناڕەوا زانینی بوونی ئەوانی تر ، گەورەترین مەترسییە بۆ سەر کورد و کوردستان کە هەڵقوڵاوی ناخی ئاخێنراو بە بیرۆکەی تۆتالیتارییەت و دیکتاتۆرییەت و خۆ سەپاندنە کە ئاکامێکی دیاریکراو و ڕوونی داپڵۆساندنی گەل و نیشتمان، لە ئاسۆی هەڵسوکەوت و بیرۆکەکەیدا پێیوە دیارە ، جەخت لە سەر ئەوەش دەکەین کە پێویستیشە ئەوانەی بڕوایان بە دیموکراسی و ئازاد ئەندێشی و بیری جیاواز و پلۆرالیسمی سیاسی و هزری هەیە تا لوتکەی بڕوا , بەرانبەر بەو عەقلیەتە و بەو جوولّە نەرێنینانە بوەستن و لەم ململانێیەدا بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ وشیار کردنەوەی گەل بەرانبەر بەو بیر و جوولّە دۆگم و کۆنەپارێز و بە جێماو لە ڕابردووی مۆنۆپۆلی هزری و زانیاری و ناوانی هەڵسووڕانی سیاسیدا بگرنە ئەستۆ.

وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە کاتێکدا دەچینە نێو سیانزەهەمین سڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان کە ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێت. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتووەتە بەردەم گەلێک گۆڕانکاری بنیادی و لە هەمانکاتیشدا لە ململانێی قورسی ڕووبەڕووبوونەوەی توندڕەوی و تیرۆر و کۆنەپارێزییەوەیە و لە هەمانکاتیشدا بووتە هەلێک بۆ پەلهاوێشتنی زیاتری دەسەڵاتێکی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیای فاشیست، کە بۆ گەلی کورد بە هەمان ڕادەی هێزە تیرۆریستییەکان مەترسیدارە . بەڵام بە خۆشحاڵییەوە دەبێ ڕایگەیەنین کە گەلی کورد لە هەموو کات زیاتر وریا و چاوکراوەتر و بەهێزترە و لە میژووی هاوچەرخیدا لە دەورەیەکی وشیاری و چالاکی دایە و گەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت بە هەموو شێوەیەک، شوێن پێ هەڵگری ئاوات و ئامانجە نەتەوەییەکانیەتی و گرینگتر لەوەی کە لە باشوور و ڕۆژئاوا و باکووری کوردستاندا هەڵکشان بەرەو ئامانجە نەتەوەییەکان بووەتە ڕۆژەڤ، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وشیاری نەتەوەیی و پێداگری لە سەر ڕەسەنایەتی کلتووری کوردەواری، پەرەپێدان بە ڕەهەندە جۆرییەکانی کلتووری و گونجاندن و بەڕۆژکردنی لە گەڵ کلتوور و ئەدەب و هونەری نوێدا، هەنبانەیەکی پڕ لە هیوایە بۆ ئاسۆیەکی ڕوونی دواڕۆژی نەتەوەکەمان کە بە شێوەیەکی مەدەنیانە و بە ئاشتیخوازانە هەنگاوەکەنی خێراتر کردەتەوە کە بگات بە ئامانجەکانی.

هەر لێرەشەوە ڕووماڵ دەکەینە ڕووناکبیران و چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هەموو شێوازێك با پاڵپشت بن بۆ خەباتی ڕوا و ئاشتیخوازانە و دیموکراتیکی گەلەکەمان و وەك ئەرکی سەرشانیان ڕوونکەردەوەی ڕێگای سەرکەوتنی گەلەکەمان بن بۆ دوور کەوتنەوە لە هەر هەڵدێرێکی نەخوازراو و سەرخستنی بیرۆکەیەکی ئایدۆلۆژیکی ڕەتکەردەوەی هەمووان و ڕەوادان بە خۆ، کە دیارە هەڵگری چ کلتوورێکی مەترسیدارە و هەنگاو بەرەو نوێخوازی و بە کلتووری کردنی گشتی دیموکراسی و پلۆرالیسمی ئایدیای سیاسی و فیکری ، دوور کەوتنەوە لە هەر چەشنە تووندوتیژییەك بگرنە بەر و ئەرکی چین و تویژەکانی خۆیان نەکەنە قوربانی ئایدۆلۆژیایەکی دیاری کراو وەك ئەوانەی بەو ناوانەوە هەڵدێریان کردووەتە ئامانج بۆ دواڕۆژی ڕێگای گەلەکەمان .

وەك هەمیشە بە ئەرکی نەتەوەیی و بیردۆزی خۆمان دەزانین کە لەم کات و ساتە دا بانگەوازییەکەی خۆمان دیسانەوە ئاراستەی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی سەر گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی ڕەوای نەتەوەکەمان بکەین کە باوەڕیان بە فرە دەنگی و پێویستیەکانی بوونی فرەدەنگی و پلۆرالیسمی سیاسی و هزری هەیە و دیموکراسیخوازییان کردووەتە بنەما بۆ کردار و ڕەوشتیان و توانا و باوەڕیان بە کاری هاوبەش و یەك هەڵوێستی و یەك گووتاری نەتەوەیی و یەکێتیی گەلەکەمان هەیە و خۆیان بە دوور دەزانن لە بنەما فیکرییەکانی سەدەی ڕابردوو و وەک پێویستییەک بۆ گەشەکردنی نەتەوەکەمان لە ڕوی فیکری و ئایدیای سیاسییەوە، سەردەمیانە بیر دەکەنەوە و کلتووری پێکەوە بوون و قەبوولکردنی هەموو ڕەنگ و دەنگ و فیکر و ئایدیایەکیان هەیە با پێکەوە و بۆ هەڵپەڕاندنی ئەرکە نەتەوایەتییەکەمان ڕێگەی خەباتێکی هاوبەش بگرینە بەر و هەوڵبدەین سەرجەم لایەنەکان بەرەیەکی نەتەوەیی پێك بێنین و ئەساس و بنەمای کاری خۆمان لە سەر داخوازییەکانی نەتەوەکەمان بنیات بنێینەوە کە پێمان وایە و بە یەقینیش نەتەوەکەمان ئەوەی دەوێت کە هەر هەموو بەرەیەکی نەتەوەیی پێك بێنین و ڕایدەگەیەنین :

١- باوەڕمان بە خەباتی ئاشتیانە و دوور لە تووندوتیژییە و پێداگرین لە سەر بەردەوام بوونمان لە سەر خەباتی ئاشتیانە وەک مێتۆدی قەبوول کراو و ڕەوا لە هەموو جیهان کە بە دوورمان دەگرێت لە هەر چەشنە تاوانبار بوونێک بە کردەوەی دژە مرۆڤانە و ئاژاوەگێڕانە.

٢- بە پێویستی دەزانین کە خەباتی مەدەنی و چالاکانی مەدەنی ناوخۆ لە گەڵ خەباتی ڕێکخراوەکان لە دەرەوە پێکەوە گرێ بدرێن و هاوئاهەنگ و هاودەنگ بن بە بێ ئەوەی کە خەباتی چالاکانی ناوخۆ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بخرێنە ژێر ڕکێفی حیزب و سیاسەتەکانی حیزبەکانەوە یان ئەوەی کە چالاکانی ناوخۆ بە هەر هۆیەک هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان خۆیان و داخوازی حیزبەکاندا بکێشن.

٣- پێویستە هەموو لایەک بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەرجۆرە بە لاڕێدا بردنی خەباتی نەتەوەکەمان هەوڵی زەقکردنەوەی چەمکی خەباتی نەتەوایەتی و بەرابەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و باوڕ بە پلۆرالیسمی سیاسی و ڕێکخراوەیی بدەین و ئەو هەوڵەش دەبێ هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی ناوخۆ و دەرەوە بگرێتە بەر

٤- پێویستە پانتایی خەباتی سیاسی و ڕاگەیاندنی و دیپلۆماتیکی پەرە پێبدرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانمان

٥- وەکوو گەلی کورد لە ئێراندا پێویستمان بە هاودەنگی و هاو هەڵوێستی نەتەوەکانی تری ئێران هەیە و دەبێ تێکۆشین بۆ ئەوەی کە لە گەڵ نەتەوەکانی تری ئێراندا خەباتێکی هاوبەشمان هەبێت.

٦- دیموکراسی و بە کلتووری کردنی دیموکراسی بۆ دامەزراندن و جێخستنی سیستەمێکی دیموکراتیک بکرێت بە بنەمای پەروەردەی کەسایەتی تاکی کوردی و بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە تەبا بوون و هاودەنگی و کاری هاوبەشی ڕاگەیاندنی لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان هەیە.

لە کۆتاییشدا ڕوو لە نەتەوەکەمان و جەماوەری خۆشەویستمان دەکەین و بەڵێنیان پێدەدەین کە تا دوا هەناسەی ژیانمان خۆمان بەخت دەکەین بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەمان و بەرانبەر بەو سیستەمانە ڕادەوستین کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی نەتەوەکەمانیان زەوت کردووە و هەناسەی ئازادییان لە وڵاتەکەماندا بەند کردووە . پڕ بە دڵ پیرۆزبایی خۆمان بە بۆنەی سیانزەهەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی " یەکێتیی دیموکراتی کوردستان " ئاراستەی هەموو گەلی کورد و جەماوەری خۆشەویستمان دەکەین و هیوادارین ساڵی ئایندەمان ساڵی گەشەسەندن و پڕ دەسکەوت و سەرکەوتن بێت بۆ نەتەوەکەمان.

نەسرەوتن تا سەر کەوتن
بژی کورد ، بژی کوردستان
یەکێتیی دیموکراتی کوردستان
١٩ی مەی ٢٠١٨ی زایینی
٢٩ی گوڵانی ١٣٩٧ی هەتاوی

پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی ئاڵمانی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی سێزدەیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندن

سێزدە ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان تێپەڕی و لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا بیر و ئەندیشەیەکی نوێ و هاوچەرخ بۆ خزمەتی بە دوزی کورد لەدایك بوو و پێی نایە ناو گۆڕەپانی سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە کە خەباتی سیاسیی خۆی بە سەربەرزی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی گرێ داوە و خەرمانێك لە نوێگەری و ئەندیشەی نوێی هێنانە ناو خەباتی کورد و تایبەت خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێمە وەك کومیتەی ئاڵمانی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سەرەتا خۆمان بە بەختەوەر و سەربەرز ئەزانین بەبۆنەی هاتنی سێزدەیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکێتییەکەمان و سەربەرزین بە خەبات لە ڕیزەکانیدا و پاشان بەڵین و پەیمانی خۆمان نوێ دەکەینەوە کە بە گوڕتر و سوورتر لەسەر ڕێباز و ئەندیشەی دیموکراتیك و نەتەوەیی خۆمان بۆ دستەبەرکردنی و چەسپانینی مافە زەوتکراوەکانمان بەردەوام ئەبین و زایەڵەی هاوار و داواکارییە ڕەواکانی کوردی بێبەش ئەبین و وەك هەردەمیش مزگێنەدەری بیری جوان و ئایدیای جوانین بۆ گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە سێزدەیەمین ساڵی دامەزراندنی یەکێتییەکەماندا پیرۆزبایی خومان ئاراستەی گەلی نیشتمانخۆشەویستیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو ئەندام و لایەنگرانمان لە ئوروپا و کوردستان ئەکەین و بەسەربەرزی و شانازییەوە لە خەبات لە پێناوی نەتەوەکەماندا بەبێ وچان و هەدادان بەردەوامین.

بەرز و بەڕێز بێ سێزدەیەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ئاڵمانی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

19/05/2018

پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی نۆروێژی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی سیانزەهەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندن

یەکێتیی دیموکراتی کوردستان وەک ڕەوت و حیزبێکی سیاسیی گەنج و نوێ لە گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٠ی مەی ساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە و لە سەر بنەمای ئایدیایەکی تۆکمەی نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی، خۆی بە ئەرکدار زانیووە کە لە پێناو بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێک لە خەباتی سیاسی لە ئەستۆ بگرێت کە بە پێی ئاڵۆگۆڕە ژئۆپۆلیتیکیەکانی جیهان لە سەدەی بیست و یەکەمدا سیاسەتەکانی دابڕێژێت کە بتوانێت وەک هێزێکی سەردەمیانە، خوێندنەوەی واقعبینانەی هەبێت بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان، خوێندنەوەی واقیعبینانە دەرئەنجامێکی ئەرێی دەبێت بۆ تێپەڕاندنی کۆسپەکانی بەردەم خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و گەیشتن بە مافە ڕەواکانی.

ئێمە وەک کۆمیتەی نۆروێژی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، سیانزەهەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکێتییەکەمان لە هەڤاڵان و هاوڕێیانمان و هەروەها لە سەرجەم نەتەوەکەمان پیرۆز دەکەین و هیوای ئەوە دەخوازین کە بتوانین لە ڕێگای گەیشتن بە مافە ڕەواکانی گەلەکەمان خۆنەویستانە بەردەوام بین لە خەبات بۆ ئەوەی کە ئازادی و ئاشتی و دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە دەستەبەر بکەین.

بژی کورد و کوردستان

یادی دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بێت

کۆمیتەی نۆروێژی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان

19/5/2018